بۆ ڕۆژی جیهانی ژن ... چاوە

چرا هەڵکەین

هەستن زووکەن چرا هەڵکەن
سات ساتی ڕۆ داگرتنە
با بە کەمەڵ چرا هەڵکەین
بەرچاومان ڕوون بکەینەوە
دەوری دونیا بدەینەوە
دونیا تاریکە
تا بەڕی تاریک تاریک
ڕۆ بەانە و ئەنگوستەچاو
چاو چاوی چاودار نابینە
بینایی بستە بە ناکا
کەس هەنگاوە ڕۆ دەر ناکا
هە گشت کەسان! هە بەبەشان!
هە ژنانی بەماف و لاوانی بەباک!
هە عاشقانی ئازادی!
با هەر کامەو لە ئاست خەمان چرا هەڵکەین
چرای بەرچاو ڕوونکەر هەڵکەین
با ڕۆبواران ڕۆ دابگرن
هە هە دەستەی مەشخەڵ بەدەست
مەشخەڵکان بەقەد باڵای هیمالایا بەرز کەنەوە
با لە مەشخەڵی ئەلەمپیک گەشەن و گەشاوەتر بن
وەک مەشخەڵی ئەلەمپیکیش جیهانگر و جیهانگەڕ بن
دەوری دنیایان پە بکەین
شاربە شار، گەڕەک بە گەڕەک
جادە جادە و کەڵان کەڵان
ڕووناکایی بپژێنینە دەر و ماڵان

چاوە – ٧ی مارسی ٢٠٢٠